# مەکتەبی تەنفیزی دەستخۆشانە لە وتاربێژانی کوردستان دەکات




ڕۆژی هەینی وتاربێژانی مزگەوتەکانی کوردستان ڕۆژی هەینی لەمینبەری مزگەوتەکانەوە ئیدانەی هەوڵەکانی قەشەی فلۆریدایان کرد لە ئەمریکا، کە بەنیاز بوو لەڕۆژی ١١ی سێپتێمبەر قورئانی پیرۆز بسووتێنێت، زانایانی ئایینی کوردستانیش شان بە شانی موسڵمانانی جیهان، ناڕازیبوونی خۆیان دژی ئەم هەوڵەی قەشەکە دەربڕی.

بۆ ئەم مەبەستە مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان دەستخۆشانە لە وتاربێژانی کوردستان دەکات، بۆ دەنگ هەڵبڕینیان بە مەبەستی دیفاعکردن لەقورئانی پیرۆز، ئەمەش هەڵوێستێکی چاوەڕوانکراو بوو بۆ زانایانی ئایینی کوردستان، چونکە هەمیشە لە مێژوو بەوە ناسراون، کە پارێزگاری لەمافە ئایینیو نەتەوەییو نیشتیمانیەکانی خۆیان دەکەن.

ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە زانایانی ئایینی کوردستان زۆر حەکیمانەو مەسئولانە ئیدانەیان کرد، ئەویش بۆ ئەوەی ئەم کارەی کە قەشەیەك ئەنجامی دەدات، کاریگەری بەسەر پێکەوەژیانی ئایینی لەهەرێمی کوردستان نەبێت، چونکە ئێمە هەمیشە لەکوردستان شانازی بەوە دەکەین، کە هەمیشە پارێزگاری لەگیانی پێکەوەژیانی ئایینیو نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بکرێت، کە ئەمەش هەڵقولاوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە.

هەروەك مەکتەبی تەنفیزی سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مەسیحیەکان لە وەزارەتی ئەوقاف دەکات، کە بەمەبەستی پاراستنی گیانی پێکەوەژیان بەرەسمی ناڕازیبوونی خۆیان لە هەمبەر ئەو هەڵوێستەی قەشەی فلۆریدا دەربڕی.

# یەکێتی زانایان جەژنە پیرۆزە لە سەرۆك کۆماری ئێراقی فیدراڵو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات

بەبۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پیرۆزبایینامەیەك ئاراستەی هەردوو بەڕێزان سەرۆك کۆماری ئێراقی فیدراڵو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات.

تێییدا بەناوی مەکتەبی تەنفیزی تەواوی زانایانی ئایینی لە کوردستان پیرۆزبایی لە هەردوو سەرۆك دەکاتو، دەخوازن ئەم جەژنە ببێتە هەوێنی ئارامیو ئاشتی لە هەرێمی کوردستانو تێکرای ئێراق.

# سەرۆکی کاروباری ئایینی تورکیا جەژنە پیرۆزە لە سەرۆکی زانایان دەکات

دکتۆر عەلی بەرداق ئۆغلۆ سەرۆکی کاروباری ئایینی تورکیا لەنامەیەکیداو، لەڕێگای سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی تەواوی موسڵمانانی کوردستان دەکاتو، تێیدا دوپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێ موسڵمانان لەمانگی ڕەمەزاندا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ قورئانی پیرۆز نوێ بکەنەوەو، لە ڕەمەزاندا گیانی برایەتیو تەباییو خۆشەویستیو قوڵتر بکەینەوە.

ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەیە بە وەرگێڕدراوی بۆ سەر زمانی کوردی:

**کۆماری تورکیا**

**سەرۆکایەتی وەزیران**

**سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی**

**بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا**

**سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لەئێراق.**

**هەولێر- کۆماری ئێراق**

سڵاوی خواتان لەسەر بێت

لەم ساڵی (٢٠١٠) چواردە سەدە بەسەر سەرەتای دابەزینی قورئانی پیرۆز تێپەڕ دەبێت، ئا لەو کاتەداو بەم بۆنە پیرۆزەوە، تەنها ئەوەم بۆ دەکرێ کە سوپاسو شوکرانەی خوای پەروەردیگار بکەم لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز مانگی لێخۆشبوونو بەزەییو کاری باش بۆ تێگەییشتن لەپەیامە پیرۆزەکەی، کە قورئان بۆ مرۆڤایەتی هەڵیگرتووە.

بێگومان قورئانی پیرۆز لەساتە سەرەتاکانی دابەزینیدا تێکرای مرۆڤایەتی هان دەدات بۆ خوێندنەوەو تێرامانو وەکارخستنی ئەقڵی دروستو سەلیم، تا ببووە هۆکاری هیدایەت دانی موسڵمانان لەچوارچێوەی یەکێتی بیروباوەڕو خواپەرستیو ڕەوشتە بەرزەکان کە لەناخی قورئان دایە، (ئێمەش وەك) سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی تورکی، کە ڕامان گەیاندووە بەوەی ئەم ساڵە بە قەد ساڵی قورئانی پیرۆزە تەواو دڵنیاشین، کە ئەو مانگە پیرۆزە ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەپاککردنەوەی دڵەکانمان لەلایەنە مەعنەویەکەیەوەو، پاقژمان دەکاتەوە بە هۆی کەلامی پیرۆزی خواییو=، هاوکاریشمان دەبێت بۆ وەدەستهێنانی ڕەوشتی قورئانو گەییشتن بە دڵنەواییو ئاسوودەبوون.

ئێمەی ئیماندارن کە کار دەکەین بۆ ڕازاندنەوەی ئەو مانگە بەرزە بە هەستو سۆزمانو بە خواپەرستیو خاوێنکردنەوەی ڕۆحو دڵەکانمانو، قۆستنەوەی ئەو مانگە پیرۆزە لەپێناو قوڵکردنەوەی گیانی خۆشەویستیو برایەتی هاوبەشو، بەهێزکردنی خۆشەویستیو بەزەیی لەنێوماندا، پێکەوەش لە ڕۆژی پێنج شەممە ٩ی سێپتێمبەری ٢٠١٠ دەگەینە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز، لەخوای گەورە تکاکارین هیدایەتی قورئانی بەردەوام کات لەسەرمان بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٤٠٠ ساڵ بەسەر هاتنە خوارەوەی، بیکاتە هۆکاری بناغەی ئاشتیو یەکبوونو خۆشەویستیو ڕێزو لێبووردن لەنێو سەرجەم ڕۆڵەکانی ئەم زەمینە، بەخۆشحاڵیەوەو بەبۆنەی ئەم یادە پیرۆزەوە ئاشتیو ڕێزو گەرمترین پیرۆزبایی ناو دڵمان پێشکەش بە ئێوەو تەواوی برا موسڵمانەکانمان لەوڵاتەکەتان دەکەم، خوای گەورە بەخێرو بەرەکەتو ئاشتەوایی بیگێڕێتەوە بەسەرماندا.

والسلام علیکم ورحمه الله وبرکاته.

**دکتۆر عەلی بەرداق ئۆغلۆ**
**سەرۆکی کاروباری ئایینی تورکیا**
**ئەنقەرە ٢٠١٠/٨/٢٦**

# سەرۆکی زانایان لقی سۆرانی زانایانو مەڵبەندی سۆرانی یەکێتی بەسەر دەکاتەوە

ڕۆژی ٢٠١٠/٩/٢ بەڕێز (ملا عبدالله ملا سعید) سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان سەردانی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانی کردو، لەلایەن بەرپرسی لق (مەلا خالد مەلەکی)و کارگێرانی لقەوە بەگەرمی پێشوازی لێکراو، خۆشحالی خۆیان دەربڕی بۆ ئەو سەردانەو، هیوای سەرکەوتنیان بۆخواست.

لەلایەن خۆشیەوە سەرۆکی یەکێتی زانایان بەلێنی خزمەتکردنو کارکردن لەپێناو بەرەو پێشبردنی سەنگو قورسایی زانایان لەکوردستان دووپاتکردەوە.

پێش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بەیاوەری شاندێکی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان کە پێك هاتبوون لەبەرپرسو کارگێرانی لق بەڕێز (مەلا



عبدالله ملا سعید) سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی مەڵبەندی شەشی سۆرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کرد لەسۆران بەمەبەستی پیرۆزبایی لە بەڕێز (ئاریز عبدالله) بەبۆنەی دەست بەکاربوونی وەك لێپرسراوی مەلبەند.

پاش بەخێرهێنانێکی گەرم لەلایەن لێپرسراوو کارگێرانی مەڵبەندەوە، سەرۆکی زانایان ئاماژەی بەڕۆڵی گرنگی زانایان لەکوردستانو ناوچەکەدا، کە هەمیشە پێشەنگی کاروانی زانستو پاراستنی ئەزموونی گەلەکەمان بوونەو، هەمیشە لەگەڵ ئەرکە ئاینەکانیاندا بواری نیشتمانیو نەتەوەییشیان کردۆتە ئامانجی کارکردنیان، بۆیە پێویستە هەموو لایەك پشتیوانیان بکەن بۆ بەرەو پێشبردنی ڕەوشی ئایینیو نەتەوەیی لەکوردستان.

لەلایەن خۆشیەوە ئاریز عبداللە خۆشحال بوو بەو جموجۆلە نوێیەی کە یەکێتی زانایان پێیەوە دەبینریو پشتیوانی خۆشی دووپات کردەوە بۆ زانایانو هیوای سەرکەوتنی بۆخواستن.

# مەکتەبی تەنفیزی سوپاسنامەیەك دەداتە کۆمپانیای بەڕێز

لەبەرامبەر هاوکاریو هەماهەنگی بەردەوامی (کۆمپانیای بەڕێز) لەگەڵ لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان، بەتایبەتی کە لەمانگی ڕەمەزان بووە مایەی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری زانایانی ئایینی خەڵات بکرێن، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان سوپاسنامەیەك ئاراستەی کۆمپانیای ناوبراو کرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێز: کۆمپانیای بەڕێز

بەناوی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان سوپاسو دەستخۆشانە لەبەڕێزتان دەکەین بەرامبەر هاوکاریکردنتان بۆ لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایانو، خەڵاتکردنی ژمارەیەك زانای ئایینی سنووری چەمچەماڵ لە مانگی ڕەمەزاندا، خوای مەزن پاداشتان بداتەوەو، هەر سەرکەوتووبن لە کارەکانتاندا.

## بەڕێوەبەرایەتی وەقفی سوننی پارێزگای دیالە

# سوپاسنامەو پێزانینێك ئاراستەی لێپرسراوی لقی گەرمیان دەکات

**دانا مەلاحەمەئەمین: گەرمیان:**

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەوڵانەی کە بەڕێز لێپرسراوی لقی گەرمیان داویەتی لەپشتگیری کردنی هۆشیاری ئایینیو ڕێنموی ئیسلامیو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لەمزگەوتەکانی سنورەکەدا ڕوو دەدەن، وە کاراکردنی ڕۆڵی زانایان لەنێو شارۆچکەی خانەقینو جەلەولاو کەلارو قەرەتەپەو ئامادەبونی بەردەوام لەو کۆنگرەو کۆڕانەدا کە تایبەتە بە ناوچەکە، بەڕێوەبەرایەتی وەقفی سونی دیالە سوپاسنامەو پێزانینی خۆیان ئاراستەی بەڕێز مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان دەکەنو هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازن بۆ خزمەت کردنی ماڵەکانی خودا

# ناردنی حاجییەکان بە شەش ملیۆن بڕیاری بەغدایە و پەیوەندی بەوەزارەتی ئەوقافەوە نییە

دوای ئەوەی دەنگۆی ناردنی حاجیان بە شەش ملیۆن بڵاو بویەوە، نارەزایی زۆری لەناو خەڵك دروست کرد، وەزارەتی ئەوقافیش بێ ئاگایی خۆی لەو بڕیارە دەربڕیوە.

وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی لە ڕێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەجو عومرە پرۆسەی تیرو پشکی بۆ ناوی حاجیان ئەنجام داو، ناوی دەرچووانیش ڕاگەیەندرا، دوای ئەوە لە هەندێ هەواڵی جیا جیای میدیاکانەوە، دەنگۆی هەبوونی کۆمپانیای تر بڵاوبویەوە، کە لە ڕێی ئەو کۆمپانیایانەوە کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەت سەفەری حەج دەکەن، بەڵام بە بڕی شەش ملیۆن دینار،

ئێستا دەرکەوتووە، نزیکەی ٢٠٠ کەس بە شێوەی تایبەتو بە بڕی شەش ملیۆن دینار سەفەری حەج دەکەن.

لە بارەی زانیاری زیاتر لەو بارەوە سەلاح شێخ فەتاح نەقشبەندی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی حەجو عومرەی هەرێمی کوردستان بە پەیامی ڕاگەیاند: ئەو جۆرە بڕیارە لە کوردستان دەرنەچووە، لە بەغدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەجو عومرەی عیراقی بڕیارێکی دەرکرد، بەوەی جیا لە تیرو پشك ڕێژەیەکی تایبەت دیاری کراوە بۆ عیراق کە بەشێوەی تایبەت بچن بۆ حەج، بەڵام بە بڕی شەش ملیۆن دینار، کە ئەوانەی بەو شێوە سەفەر دەکەن، هیچ ئیمتیازێکیان نیە لەگەڵ ئەوانەی بە تیرو پشك ناویان دەرچووە، لەو ڕێژەیەی بەڕێوەبەرایەتی حەجی عیراقی دایناوە، ڕێژەیەکی داوەتە هەرێمی کوردستان بەو پێیەی ئێمە بەشێکی لە عیراق، ئەوانەش بەهەمان شێوە بە شەش ملیۆن سەفەر دەکەن.

لە بارەی ئەوەی کە ئایا ئەو بڕیارە تایبەتە بە بەرپرسانو دەوڵەمەندان، بەڕێوەبەری گشتی حەجو عومرە گوتی: ئەو ڕێژەیە تایبەت نیە تەنها بە کەسانێك یان بە دەوڵەمەندان، بەڵکو هەر کێ فۆرمی پڕ کردبێتەوەو ناوی نوسیبێ تا ڕێژەکە تەواو بووە ناوی گەراوەتەوە.

ناوبراو گوتیشی: ئەو بڕیارە هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نەبووە، بەڵکو لە بەڕێوەبەرایەتی حەجی عیراقی ئەو بڕیارە دەرچووە.

سەبارەت بە ڕاگەیەندراوەی وەزارەتی ئەوقافیش، کە لە کاتی

بۆ ل٧

## بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف:

# ڕەمەزانی ئەمساڵ قەرەباڵغترین مانگی عیبادەت بووە لەمێژووی هەرێمی کوردستاندا

بەپێی بەدواداچونێك کە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامیداوە، مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ قەرەباڵغترین مانگی عیبادەت بووە لەمێژووی هەرێمی کوردستاندا.

مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی (TRT) تورکیا کە بەزمانی عەرەبی پەخش دەکرێت ڕایگەیاند: ئەمساڵ بەهۆی سەقامگیری سیاسیو کۆمەڵایەتیو گەشەکردنی ئابووری هەرێمی کوردستانەوە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی عیراق ،قەرەباڵغترین مانگی عیبادەت بووەو نزیکەی یەك ملیۆن کەس ڕۆژانەو شەوانە هاتوچۆی مزگەوتەکانی کوردستانیان کردووەو بەشداری وتاری هەینیو وەعزی ئێوارانو نوێژەکانی جەماعەتو تەراویحیان کردووە. نەقشبەندی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا سوپاسی زانایانی ئایینیو بەتایبەتیش وتاربێژی مزگەوتەکانو دامودەزگاکانی



حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هەوڵو ماندوبونیان لەم مانگە پیرۆزەداو تەئکیدیشی کردەوە کە ئیلتیزاماتی ئاینی لەلای خەڵکی هەرێمی کوردستانو دڵسۆزیان بۆ ئاینو نەتەوەکەیان فاکتەری سەرەکی بوو بۆ پێشوازیکردنو بەرێکردنی شایستەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان کە بەدرێژایی ئەم مانگەو ئەو قەرەباڵغیە بێوێنەیە کەچی هیچ ڕوداوێك لەکاتی عیبادەتتدا ڕوینەداوە لەهەرێمی کوردستان کە شایانی باس بێت.

# بەیاننامەی یەکێتی زانایان لەسەر بڕیاری سوتاندنی قورئان لەئەمریکا

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

**(إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا )**

موسڵمانانی بەڕێز

هاوڵاتیانی کوردستان

سڵاوی خوای گەورەتان لەسەر بێت

وەك هەموو لایەك ئاگادارن، کلێسایەکی ئەمەریکا بڕیاری داوە لە ڕۆژی یازدەی ئەیلول قورئانی پیرۆز بسووتێنێت، بەم بۆنەوە ئێمە لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، وێڕای ئەوەی زۆر بەتوندی ئیدانەی ئەو کارە قێزەونە دەکەین، پێمان وایە ئەم کارە هەڵقولاوی جەهلو تێنەگەییشتنی ئەو قەشەو هاوشێوەکانیەتی لە ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆز.

هەروەك پێمان وایە ئەم کارە کاردانەوەی خراپی بەسەر پێکەوەژیانی ئایینیو تەباییو برایەتی لەسەرتاسەری جیهان دەبیت، بەتایبەتی لە جیهانی ئیسلامی، کە ئەو قورئانە فێری کردووین موسڵمانانو مەسیحیەکان بە درێژایی مێژووی ئیسلامی پێکەوە بژین.

بۆیە ئەم کارە نەك تەنها سوکایەتیکردنە بە پیرۆزیەکانی ئیسلامو بریندارکردنی هەستی موسڵمانانە، بەڵکو کارێکی گێرەشێوێنی نامەسئولانەیە بۆ ڕۆحی مرۆییو یەکتر قبوڵکردن، بەتایبەتی کە قەشە بەناوی کلێساوە ئەنجامی دەداتو، داوای گواستنەوەی کارەکە لی ڕاگەیاندنەکان دەکات، ئەمەش کاریگەری نەرێنی بەسەر وێنەی دیموکراسیو ئازادی ئایینی لە ئەمەریکا دەبێت. هەروەك کاریگەری خراپی بەسەر پەیوەندی ئەمەریکاو جیهانی ئیسلامی دەبێت، بەتایبەتی کە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا هەوڵی زۆری دا بۆ چاککردنەوەی ئەم پەیوەندیە.

بۆیە داوا لە حکومەتی ئەمەریکاو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، ڕێ لەو کارە تێکدەرە بگرن، هەروەك داوا لە موسڵمانانیش دەکەین، ئەم کارە کاریگەری نەکاتە سەر ڕۆحی تەسامحو پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان، کە هەڵقولاوی پەیامی قورئانی پیرۆزە، چونکە ئەوانە گوزارشت لە مەسیحیەکان ناکەن، بەڵکو بۆ وەڵامی ئەم کارە قێزەونە ئەرکی هەموو تاکێکی موسڵمانە پتر پابەندی پەیامی ئیسلام بێتو، وەڵامی ئەم کارە بە خوێندنی قورئانو زیندووکردنەوەی پتری قورئانو خۆ شارەزاکردن لە قورئانو کارپێکردنی دەبێت.

**مەکتەبی تەنفیزی**
**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**
**٢٠١٠/٩/٩**

# پەیامی یەکێتی زانایان بەبۆنەی ساڵی نوێی خوێندن

بەناوی خوای مەزنو میهرەبان

**( اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ )**

مامۆستایانی بەڕێز:

قوتابیانی خۆشەویست:

دایکانو باوکان:

بەناوی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پیرۆزبایی دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن لەخۆمانو هەموو لایەك دەکەین، بەو ئومێدەین لەساڵی تازەی خوێندندا بەرۆحی فێربوونو پەروەردەو پێگەییشتنو پێگەیاندن هەموو هەوڵو هیممەتمان بخەینە کار بۆ ئەوەی بتوانین بە هەموو لایەکمان نەوەیەکی دروستو وشیار پێبگەیەنین، کە زانستو خوێندەواری باشترین ڕێگایە بۆ ئەم کارە.

بەڕێزان: هەموو لایەك گەورەییو گرنگی فێربوونو فێرکردن لەروانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەزانن، کە مامۆستاو قوتابیو سەرپەرشتیاری قوتابی هاوبەشن لەو پاداشتو گەورەییە، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکە جێبەجێو بەشی هەبێت بۆ ئەوەی منداڵەکانمان بەرەو وشیاریو شارەزابوون بڕۆنو، بەبێ جیاوازی کچانو کوڕانمان لەخوێندن تا کۆتایی بێبەش نەبن.

نابێ لە بیریشمان بچێت خوێندن بە تەنها بەس نییە، بەڵکو دەبێ شان بە شانی فێربوونی خوێندەواری پێویستە منداڵەکانمان فێری ڕەوشتی بەرزو بەها جوانەکان بکەین، بۆ ئەوەی هەم فێرخوازو هەم پەروەردەکراو بن.

هەروەك دەخوازین وەزارەتی پەروەردە ئاوڕی جددی تر لە ناوچەو گەرەکە هەژارەکان بدەنەوەو، قوتابخانە حکومیەکانیش گرنگی پتری پێ بدەن، بۆ ئەوەی چی دیکە ئەو گلەییە نەکرێت، کە بۆچی گرنگی زیاتر بە قوتابخانە ئەهلیەکان دەدرێت، کە دڵنیاین وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمیش لەو ئاستەدا دەبێت.

دووبارە هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازین.

**مەکتەبی تەنفیزی**
**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**
**٢٠١٠/٩/١٧**

# لە ساڵیادی دامەزراندیەوە

# زانایانی ئایینی چ داخوازیو پێشنیارێکیان بۆ یەکێتی زانایان هەیە

تێپەڕ بوونی تەمنێکی پڕ لە خزمەتو ماندوو نەناسانە، ئەمڕۆ جێگەی دڵخۆشی زۆری زانایانەو دەکرێ، هاندەرێکی نوێش بێت، لە زیاتر بایەخ دانی زانایان بە سەروەریو ئایندەی گەشاوەیان، چونکە زانایان سەر بەزن لەو یادە، بەوەی جوانترین پەڕێزی خەباتو شەونخونی سەدان زانانی کورد ئەمڕۆ هەوێنی خەباتێکی گەرم ترەو لەهەمان کات وەك مۆمێك بۆ نەوەی ئێستا دەدرەوشێتەوە. دەبێ زانایانی ئەو قۆناغە چ پەیڤێکیان هەبێو چۆن تەعبیر لەو یادە بکەن؟ دەبێ چ پەیامێکیان هەڵگرتبێو بەکام وشە ئومێدی خۆیان نوێ دەکەنەوە؟ لەو بارەوە چەند مامۆستایەك دەدوێنینو، لەو ریپۆرتاژە دەیخەینە ڕوو:

مەلا تەیب زیارەتی - taybzyarati@gmail.com



## مامۆستا عوسمان لاسەیی:

### لەو قۆناغەدا گرنگترین شت هەوڵدانە بۆ یەکریزیو تەبایی نێوانمان



بەڕێز مامۆستا مەلا عوسمان لاسەیی لە بارەوە گوتی: ئەو یادە هاماان دەدات زیاتر لەپێناو بەرەو پێشەوە بردنی یەکێتی زانایان کار بکەین، پێویستمان بە هاوکاری یەکترە، چەندە ئێمە لەدەوری یەك کۆ بینەوە، بە تەئکید زیاتر دەتوانین خزمەت بکەین، بۆیەش زانایانی پێشوو لەدەوری یەکتر کۆبوونەتەوە، چونکە دەیان زانی خزمەتی زیاتریان پێ دەکرێ، لەو قۆناغەدا گرنگترین شت هەوڵدانە بۆ یەکریزیو تەبایی نێوانمان، تەنها بۆ ئەوەی بە یەك دەست خزمەتی کوردستان بکەین.

مامۆستا وتیشی: یەکێتی زانایان لە هەموو ڕێکخراوەکانی تر، زیاتر توانیویەتی خزمەتی گەلەکەی بکاتو، لە گەڵ ئازارەکانی میللەت بێت، ئەو خزمەتەی لە کاتی شۆڕو تەنانەت دوای راپەڕین مامۆستایانی ئایینی پێشکەشیان کردووە، بۆتە ڕەمزێکی دیاری نێو واقعی کۆمەڵگەی ئێمەو، لەوەشدا بەشی شێریان بەرکەوتووە، بۆیە داوا دەکەم ئەو یادە بکرێتە هۆکاری زیاتر پەرەسەندنی ئەو ڕێبازەی مامۆستایانی ئایینی لەسەری ڕۆیشتوون، داواکاریشم لە یەکێتی زانایان لە ئاست ئەو قۆناغەدا دابێت، لەبەر ئەوەی ئەرکی ئەو قۆناغە گرانترە لە چاوو جاران.

## د. شێخ ئەحمەد بالیسانی

### مامۆستایانی ئایینی ئەرکیان گرانە پێویستە هەوڵێکی باشتر بدەن بۆ ئەوەی ئەو واقعە لە دینداری دانەبڕێ



هەر لەو بارەوە بەڕێز دکتۆر شێخ ئەحمەد بالیسانی گوتی: یاد کردنەوەی هەر هەنگاوێکی رابوو، بۆ ئەوەیە مرۆڤ وانەو پەندی لێ وەربگرێو ئایندەی لەسەر باشتر بکات، زانایان نەك هەر لەناو کاری ڕێکخراوەیی بەڵکو بە درێژایی تەمەنی میللەتی کورد خەباتیان کردووە، شەونخونی زۆریان چەشتووە لە پێناو ئیسلامو خزمەت کردنی موسڵمانان، ئێمە لە مێژووی رابردووی نەتەوەکەماندا ئەگەر مێژووی زانایانی لێ بکەینەوە شتێکی ئەوتۆ نامێنێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ لەو قۆناغەشدا بە هەمان شێوە زانایان لەسەر ڕێبازی سەلەفی صالحو خزمەت کردنی ئیسلام بڕۆن، چونکە میراتگری پێغەمبەرن، لەهەر قۆناغێکیش ئەرکی سەرەکی عولەمای ئایینی ئەوەیە، وەك بانگخوازو دڵسۆزێکی ئەو ئیسلامە تێبکۆشێو خزمەتی نەتەوەو ولاتی خۆی بکات، ئێستا تەکنەلۆژیاو ئالەتی پێشکەوتن گەلێك زۆر بووە، دەبا ئێمە سوودی لێ وەربگرینو، لە واقعدا ڕەنگدانەوەی هەبێ، مامۆستایانی ئایینی ئەرکیان گرانە پێویستە هەوڵێکی باشتر بدەن، بۆ ئەوەی ئەو واقعە لە دینداری دانەبڕێو گەلەکەمان تووشی دووره دینی نەبێت، لەگەڵ ئەوشدا ئەرکە مامۆستایانی ئایینی لێك نزیك بنو بۆچوونیان ئالوگۆڕ کەن، تا لە ئەنجامدا پەرێزی حیوارو دەربڕینی زانستی دروست ببێ، چونکە لە پەیامی ئیسلامدا هێزێك هەیە هانمان دەدات، بۆ یەکگرتنو پێکەوە بوون لە پێناو گەیشتنە ئامانجەکانمان، چ جای لە کاری ڕێکخراوەیی کە کاری دەستە جەمعیو هۆشیاربوونەوەی مەسەلە هەستیارەکانە.

مامۆستا مەلا سەببار کەلاری پێی وابوو: ئەو یادە هێندە لەبەر ئەوە گرنگە، چونکە هەڵسەنگاندن بۆ کارو پرۆژەو هەنگاوەکانی رابردوو دەکرێ، بۆ ئەوەی بزانرێ، لەکام لایەوە کەمو کوڕی هەیە چارەسەر بکرێ، لەکام لاش تەواوە پەرەی زیاتری پێ بدرێت.

## مامۆستا سەبار کەلاری

### بەراستی مامۆستایانی ئایینی مەغدورن و پێویستیان بە خزمەتی زیاترە

ناوبراو گوتیشی: یەکێتی زانایان دەبێ ئەو هەنگاوە ببڕێو وەك ماڵی زانایان بەدوای گرفتەکانی مامۆستایانی ئایینی بگەڕێت، نەك تەنها لە بارەگا سەرقاڵی شتی لاوەکی بێت، ئێمە دەبێ ئەزموون لە زانایانی جیهانی ئیسلامی وەربگرین، تا لە ڕێیەوە بتوانین داکۆکی زیاتر لە مافەکانمان بکەینو، زیاتریش خزمەت بگەیەنین، بەراستی مامۆستایانی ئایینی مەغدورنو پێویستیان بە خزمەت کردنە، خۆ ئێستا ئامارێك بکرێ، زۆر بەکەمی نەبێ، مامۆستایانی ئایینی تەنانەت خانووی خۆیشیان نیە، دەبا لەو یادە کار بۆ ئەوە بکرێ، ئیدرای مامۆستایان چاك بکرێ، نەك تەنها یاد کردنەوە بێت.

مەلای کورد بەشی شێری بەرکەوتووە، لە پاراستنی ئەو خۆشیو تەباییەی لەناو ئێمەدا هەبووە، بۆیەش ئێستا ئەرکە هەموو لایەك لە بەرپرسانو لایەنە پەیوەندارەکان، ڕێز لە مامۆستایانی ئاینی بگرنو بە گیانێکی برایانە خزمەتی خاكو ولات بکەین.

## مامۆستا مەلا سەلیم جاف

### ئەگەر بمانەوێ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروست بکەین دەبێ ئاگامان لە یەکتر بێت

دواتر مامۆستا مەلا سەلیم جاف لە چوارقوڕنە گوتی: هیوادارم ئەو یادە ببێتە مایەی نزیك بوونەوەی ئێمە لە یەکتر، چونکە زۆر جار جۆرێك لە پەرتەوازەی لە نێوان زانایاندا هەیە، کە ئەمە وای کردووە، فەتوای دژ بەیەك دەربچێ، خەڵك تێبینی هەبێ، ماجامەلە دروست ببێ، ئەمانەش لەگەڵ ئێمە ناگونجێن، ئەرك بوو لەو یادە کار لە پێناو چەند هێڵێکی گشتی بکرایە، بۆ ئەوەی هەمووان پێوەی پابەند بینو، ئاگامان لە حاڵو باڵی یەکتر هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانین لە تەرح کردنی شتەکان کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروست بکەین.

دەخوازم یەکێتی زانایان کار لەسەر پەیوەندی زانایان لەگەڵ لایەنەکانی تر بکات، وە ئەرکیشە رۆشنبیرو کەسایەتیو بەرپرسو تەنانەت دەزگاو ڕێکخراوەکانیش هەماهەنگیو پەیوەندی لەگەڵ زانایان هەبێت، چونکە بەو ئاراستە دەتوانین پێکەوە خزمەتی باشتر پێشکەش بکەین.

## مەلا ئیحسان دهۆکی

### یەکێتی زانایان فەخر بە رابردووی خۆی دەکات



هەر لەو بارەوە مامۆستا مەلا ئیحسان دهۆکی پەیڤی خۆی بەم شێوە دەبڕی: لەو یادەدا دەخوازم مامۆستایانی ئاینی بە رۆحیەتێکی تازەوە ڕوو بکەنە یەکێتی زانایانو بە هەموو لایەك بتوانین بەرەو پێشەوەی بەرین، چونکە لە کوردستان هەموو ڕێکخراوەکان کار لە پێناو سەرخستنی کارو پرۆژەیان دەکەنو هەوڵی دەسکەوت دەدەن، ئێمەش ئەگەر هاوکاری یەکتر بین ئەوە وەك چۆن یەکیچتی زانایان فەخر بە رابردووی خۆی دەکات بەهەمان شێوە نەوەی دوای ئێمەش فەخر بە ئێمەوە دەکەن، کە ئەمە دەبێتە گەورەترین دەسکەوت بۆمان.

# یاخوا داهاتووتان لەسەرەتا باشتر بێت



**مەلا زیاد حسن ئاژگەیی***

ئەگەر سەیری رابردووی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لە کوردستان بکەین، ئەوا دەبینین هەندێ قۆناغی لە هەندێ قۆناغ باشتر بووە، بۆ خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام و زانایانی ئاینی و کارو چالاکیەکان بەگشتی بۆیی زۆر جار گلەیی هەبووە و کەم و کوری هەبوە، بەدەمەوە چونی زانایانی ئاینی لە ئاستێکی لاواز بووە ، کارو چالاکی بە گوێرەی پێویست نەبووە بەلام نابێ ئەو راستیە لە یاد بکەین کە بارو دۆخێکی سیاسی ناهەموار لە کوردستان دروست بوو نامانەوێت برینی هیچ کەس و لایەنێك نوێ بکەینەوە بۆیە ئەو بارودۆخە زۆر کێشەو گرفتی بۆ هەر تاکێك و کۆمەلگا بە گشتی دروست کرد یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیش بێ بەش نەبوو لەم گرفتانە وهەندێ کەم و کوری سەریان هەلدا بەلام لەگەل هەموو بارو دۆخەکان یەکێتی زانایان لە زۆربەی کێشەکان یەك هەلوێست بوون و قەد بریاری دژی یەکتریان نەداوە و هەمیشە تەنسیق هەبوە لە نێوانیاندا بۆیە دەبینین لە کۆنگرەی پێنجەمی خۆیدا سوپاس بۆ خوا توانداا بەهەول و کۆششی دلسۆزان یەکێتی زانایان بە ستافێکی کاراو لێزان و خەمخۆر بۆ هەمو لایەك بەگشتی و زانایانی ئاینی بە نایبەتی ناو مالی خۆی رێك بخاتەوە و بەرەو بەکارو چالاکیەکانی بدات و متمانەی تەواو لەلای زانایان دروست بکات . بەرێزان ئەم جارە یەکێتی زانایان مال و پارێزەری هەموو زانایەکە چونکە ئەگەر سەیری ئەو چەند ژمارەی دوایی رۆژنامەی پەیام بکەین، ئەوا دەبینین کە بەرێز سەرۆکی یەکێتی زانایان و ستافە بەرێزەکەی زۆر بوێرانە وموسلمانانە خۆیان بە پارێزەری زانایانی ئاینی داناوە و دلنیاشین ان شاءالله هەروا بون و دەبن، بە تایبەتی زۆر خۆش حالین بە پەیامی سەرۆکی یەکێتی زانایان دوای دەست بەکاربونی جەنابیان ، چونکە پەیامێکە و دلخۆشکارە بۆ گشت زانایان دیارە ئەمە سەرەتایە و روناکیەکی زۆر بە دواوەیەبۆمان.

ئەگەر بێتوو لە روی راگەیاندن تەماشا بکەین ئەوا دەبینین هەر لە دوای دەست بەکار بونیان توانیان خۆیان نیشان بدەن و رۆژنامەی پەیام بە شێوەیەکی تازەگەری و هەوال و کارو چالاکی و روونکردنەوەی پێویست بلاو بکەنەوە چونکە وەك دیارە راگەیاندن رۆلێکی گرنگی هەیە بۆ ئاشنا بوون بە کارو چالاکیەکانی یەکێتی زانایان و ناساندنی زانایانی ئاینی ئیسلامی بە شێوەی راستەقینەی خۆیان بەرامبەر بە کۆمەلگاو حکومەت، بۆیە لێرەدا پیرۆز بایی و دەست خۆشی لە هەمو لایەکتان دەکەین و هیوادارین هەرسەرکەوتوو بن و زانایانیش ئومێدو هیوای زیاتریان هەیە لێتان لە کۆتاییدا ئێمەش دەلێین: هەمومان بۆ یەکێتی زانایان و یەکێتی زانایانیش بۆ هەموان .

* پێش نوێژو ووتار خوێنی گوندی ماوەران

# سوپایەکی مەزن توانای ئێوەی نیە

**رەقیب رەسول**

**( ١-٢ )**

گومانم لەوەدا نیە، کە یەکێتی زانایان ( بە دەست خۆشی کردن لە کارو چالاکیەکانیان )، هەست بە بەختەوەری دەکەن، بە دلنیاییەوە پێشکەوتنو بەرەو پێش چوون لە دەرکەوتنو وێنەو پێداهەڵگوتن دەبیننەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش هیچ درێغی نەکراوە، وەك سەرجەم ڕێکخراوە شکلیو بێ واتاکان، بۆ پێدا هەڵگوتنو شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینە تاکو هۆکاری بەرەو پێش چوون بەدیار نەکەوێت کەسانی شارەزا بوونیان هەیە.

پیشەی هەمیشەییان تەنیا ستایش کردنە، شارەزا لە ماستاو گرتنەوەو داپۆشینی ڕەخنەو وێناکردنی بە شێوەیەك، کە خۆیشی بەو قەناعەتە گەیشتووە، دەبێت یەکێتی زانایان بەهۆی ناوەکەیەوە نابێت چاوی ڕەخنەی لەسەر بێت.

بۆ ئەم مەبەستە ستایشو پێداهەڵگوتنو لاوكو حەیران بۆ ئەو کەسانەی تایبەتن بەو بوارەوە جێ دەهێڵم، بەدڵنیاییەوە تەنها یەك دانە ووشە باسی ستایش ناکەم، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەپێی توانا تاوتوێی ئەم بارودۆخە دەکەم.

یەکێتی زانایان نەیتوانیوە نەك هەر خۆی لەنێو ئەو بارودۆخە چەقبەستووە ڕزگار بکات، بەڵکو نەیتوانیوە دوورو نزیك لەو چەمکانەش بگات، کە دەبنە مایەی پێشکەوتنو بەرەو پێش چوونی، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، کە ڕووی ڕەخنەم لە یەکێتی زانایانو زانایان دەکەم، ئایا دەبێت زانایان لەو دەزگایەدا وەکو خەڵکی ئاسایی بیر بکەنەوە؟!

مەبەستمە بڵێم لەسەرەتادا پێویستە کەسایەتی خۆمان تاوتوێ بکەین پێشکەوتن لەخۆماندا بەرجەستە بکەین، ئینجا لە دەزگادا، دەزگا بەبێ کەسەکان دەتوانێت پێش بکەوێت؟!

ئەگەر بمانەوێت خۆمان بە کورسی دەسەڵات گەورەو بەناوبانگ بکەین، لەڕاستیدا کورسی بەهۆی خۆمانەوە بچووك دەکەینەوەو، خۆشمان بەهۆی بچووك بوونەوەی کورسی ناشیرین دەکەین، بەڵکو دەبێت خۆمان بە کورسی گەورە بکەین.

کورسیش بەهۆی خۆمانەوە گەورەتر بکەین لەو ئاستەی، کە پێشتر هەیبوو لەڕاستیدا پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردەواری پێکهاتەیەکی خێڵەکیو عەشایەریە، بۆیە هەر کاتێك، کە دەزگایەك دروست دەکرێت لەبری ئەوەی وەك دەزگا بناسێندرێت، ڕەنگی خێڵەکیو عەشایەریو خزم خزمێنەو حزب حزبێنە هەڵدەگرێت.

هەر کەسێك لە شوێنێك دیار دەکرێت لە بچووکەوە تا گەورە لە هەموو دامو دەزگاو ڕێکخراوەکانەوە بە حزبیو حکومیو ئەهلیەوە چاویان تەنیا شتی خێڵەکیو عەشایەریو بنەماڵەیی دەبینێت.

بە واتایەکی تر ناتوانن بە گەورەیی بیر بکەنەوە، هەرکەسێك نەتوانێت بە گەورەیی بیر بکاتەوە دیارە بە بچووکی دێتە بەرچاو، ئایا دەبێت هەموو کەسێك کوڕی شێخو مەلاو سەرۆك عەشیرەتو حیزبو بنەماڵە بێت تاکو شایستەی ئەوە بێت قسە بکات، یان بوونی هەبێت.

پێشکەوتنو بەرەو پێش چوون لە چیەوە خۆی دەبینێتەوە؟ لەوە خۆی دەبینێتەوە، کە هەر کەسێك خاوەن رابردووەك نەبوو، نابێ دەنگی هەبێت، ڕەنگی هەبێت، بەڵکو تەنیا دەبێت ئەو جۆرە کەسانە قسە بکەن، کە پێشتر پێگە کۆمەڵایەتی لە بنەماڵەیاندا بوونیان هەبووە، نەك لە خۆیاندا، دەبێت هەر ئەو مافی قسەکردنو ڕەخنە گرتنو ستایش کردنی هەبێت، ئەگەرچی قسەو ستایشو ڕەخنەش نەزانێت!